
www.kurdistannet.org

# گۆڤاری مانگانەی "زەهاو" کەوتە دەست خوێنەران




بێ گومان دەرچوونی هەر گۆڤار و رۆژنامەیەکی کوردی کەلێنێک لە رووناکبیری نەتەوایەتیمان پڕ دەکاتەوە، جا هەر کامەیان بە پێی توانا و لێهاتووی خۆیان پلە و رادەی گرنگی خۆیان دەسەلمێنن.

لەم رۆژانەدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری "زەهاو" کەوتە دەست ئەویندارا‌ن و خوێنەرانی خۆی. ئەم گۆڤارە لە قەوارەیەکی A4 دا و لە ٢٥ لاپەڕەدا دەرچووە و گەلێک بابەتی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و رامیاری لە خۆی گرتووە و هاوکات لە دوو وڵاتی سوێد و سویس دا بڵاو دەبێتەوە.

لە سەروتاری ئەم گۆڤارە نوێیەدا هاتووە کە:"... با دوژمنان بزانن و نەتەوەی کوردیش دڵنیا بێ کە فەرهەنگ و زمان و هونەری کوردی بە هیمەت و رەنجی بێ وچانی زانا و رووناکبیر و هونەرمەندان و لە خۆبردوویی و گیان بەخت کردنی شەهیدەکانمان لە فەوتان و لە نێوچوون رزگای بووە لەم قۆناخەدا پێویستی بە یەککگرتنی نەتەوەی و خزمەتکردن و پەرەپێدانی زیاتر هەیە تا زیاتر گەشە بکا و بە تیشکی خۆی دوژمنە شێت و هارەکانمان زەبوونتر و داماوتر بکا.... گۆڤاری زەهاو بێ لایەن و سەربەخۆیە و بە پێی توانا تێدەکۆشێ بۆچوونەکانی خۆی لەسەر رووداوەکانی کوردستان بە گشتی بڵاو بکاتەوە. لە هێرش و پەلاماردان و بریندار کردنی هەستی لایەنە سیاسی و کەسایەتییە فەرهەنگی و هونەری و کۆمەڵایەتیەکان خۆی دەپارێزێ و رەخنە و بیر و بۆچوونەکانی خۆی بە شێوەیەکی زانستی بۆ چارەسەری گرفتەکان دەردەبڕێ."

گۆڤاری زەهاو داوای یارمەتی لە هەموو ئەدیب و پێنووس بە دەستانی کورد دەکا و هیوای وایە کە بابەتی رەنگاو رەنگی پێ بگا و لاپەڕەکانی خۆی پێ برازێنێتەوە.

شایانی باسە کە گۆڤاری زەهاو وتاری سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، بابەتی مێژوویی، لێکۆڵینەوە، هەڵبەست، چیرۆک، پەند، قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپ، فۆلکلۆر و هتد بڵاو دەکاتەوە.

**ئامادە کار و بەڕێوەبەرانی گۆڤاری زەهاو**: حەمید تەیموری لە وڵاتی سوید و رەحیم موحەممەدی لە وڵاتی سویس دان. **ناونیشان:**

Hamid Teimouri
Bjurstorps gatan 6A
641 50 Katrineholm
Sweden
mardin70@hotmail.com

Rahim Mohammadi
Rte de Chavannes
2003
1007 Lausanne
Suisse